NHS

# HPV vaccination

خۆ پاراستن لەدژی نەخۆشی HPV بۆ
یارمەتیدان لە کەمکردنەوەی مەترسی
تووشبوون بە شێرپەنجە



arm against cancer

## HPV جیهانی
## بەرنامەی کوتان

ڤاکسینی HPV پێشکەشی هەموو کچان کراوە لە قوتابخانە لە تەمەنی 8 ساڵیدا لەوەتەی مانگی ئەیلولی 2008. لە مانگی ئەیلولی 2019 ەوە، ڤاکسینەکە هەروەها پێشکەشی کوڕانی 8 ساڵ کراوە.

ئەمەش چونکە بەڵگەکە ئەوە ڕووندەکاتەوە کە ڤاکسینی HPV یارمەتیدەرە لە پارێزگاری کردن لە کوڕان و کچان لە شێرپەنجەکانی پەیوەندیدار بە HPV.

**زیاتر لە 280 ملیۆن لە ژەمە ڤاکسینی HPV لە سەرتاسەری جیهاندا پێشکەش کراون، لەوانە 120 ملیۆن لە ژەمە ڤاکسینەکە پێشکەش کراون لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا US و زیاتر لە 10 ملیۆنیش لە میرنشینە یەکگرتووەکان UK.**

### ڤاکسینی HPV یارمەتیدەرە لە پاراستنت لە تووشبوون بە ڤایرۆسی پاپیلۆمای مرۆڤ (کە پێی دەگوترێت HPV).

ئەم ڤایرۆسە مەترسی گەشەکردنی هەندێک جۆری شێرپەنجە لە داهاتووی تەمەنی مرۆڤدا زیاد دەکات، لەوانە:

- شێرپەنجەی ملی منداڵدان
- هەنجێک جۆری شێرپەنجەی دەم و قوڕگ
- هەندێک جۆری شێرپەنجەی کۆم و ناوچەکانی ئەندامی زاوزێ

ڤاکسینی HPV پارێزگاریت لێ ناکات لەدژی نەخۆشییە سێکسییە گوازراوەکانی تر.



# HPV و چۆن بڵاودەبێتەوە

70%

**تووشبوون بە HPV زۆر باوە.** زیاتر لە 70% ئەو کەسانەی ڤاکسینیان وەرنەگرتووە، تووشی نەخۆشییەکە دەبن

**HPV لەسەر پێستدا دەژیت لە ناو ناوچەی ئەندامی زاوزێ و دەوروبەری،** بۆیە بەکارهێنانی کۆندۆم بەتەواوەتی پارێزگاری ناکات لە تووشبوون بە HPV

چەندین **جۆری جیاوازی هەن** لە HPV

زۆربەی جۆرەکانی نەخۆشی HPV نابێتە هۆکاری سەرهەڵدانی هیچ نیشانەیەک لە کەسی تووشبوودا و **هەر خۆیان باشتر دەبن**

**هەندێکیان بەدیار ناکەون** و دەکرێ ببنە هۆکاری تووشبوون بە شێرپەنجە، لەوکاتەی هەندێکیتریان دەبنە هۆکاری سەرهەڵدانی پەڵە لەسەر ئەندامی زاوزێ

## تاوەکو ئێستا ڤاکسینی HPV چ جیاوازییەکی درووست کردووە؟

بۆماوەی پانزە ساڵ و لەوەتەی دەستکردن بە بەرنامەی کوتان لە میرنشینە یەکگرتووەکان UK، ڕێژەیەکی بەرزی کەمبوونەوە هەبووە لە تووشبوون بە HPV و هاوشان لەگەڵ کەمبوونەوەی تووشبوونی گەنجان بە سەرهەڵدانی پەڵەی زاوزێ.

لەکاتی خۆیدا وا چاوەڕوان دەکرێت کە ئەم ڤاکسینە ژیانی سەدان کەس لە UK ڕزگار بکات لە هەموو ساڵێکدا.

## وەرگرتنی ڤاکسینی HPV

ڤاکسینەکە بەشێوەی دەرزی لەلای سەرەوەی قۆڵت دەدرێت.

زۆربەی خەڵک پێویستیان بە یەک ژەم لە ڤاکسینەکە هەیە تاوەکو پارێزراو بن. ئەمەش بەشێوەیەکی ئاسایی ئەوکاتە وەریدەگریت کە لە قوتابخانەی تەمەنی 8 ساڵیدایت.

**بۆئەوەی باشترین پارێزگاری وەربگریت، پێویستە ڤاکسینە وەربگریت بەرلەوەی لەڕووی سێکسییەوە چالاک بیت (سێکس بکەیت).**

**ئەگەر لەڕووی سێکسییەوە چالاکیت، هێشتا دەبێ ڤاکسینەکە وەربگریت.**



## ڤاکسینی HPV

ڤاکسینی HPV بەکارهێندراوە لە بەرنامەی کوتانی NHS بریتیە لە گارداسیڵ 9 و پارێزگاری دەکات لەدژی 9 جۆری HPV کە دەکرێ ببنە هۆکاری شێرپەنجە و پەڵەی ئەندامی زاوزێ بۆ زۆربەی خەڵک، ئەمیش تەنیا بە وەرگرتنی یەک ژەم لە ڤاکسینەکە.

## من ڤاکسینەکەم وەرنەگرتووە، ئایا دەتوانم ئێستا وەریبگرم؟

بەڵێ. ئەگەر لە قوتابخانەدا ڤاکسینەکەت لێ نەداوە، پێویستە هەوڵی ئەوە بدەیت کە بەزووترین کات وەریبگریت.

پەیوەندی بە پەرستاری قوتابخانە، تیمی کوتانی قوتابخانە یان پزیشکی گشتی GP بکە بۆ ڕێکخستنی وادەیەک.

تۆ هێشتا شیاو دەبیت بۆ وەرگرتنی ڤاکسینەکە تاوەکو تەمەنت دەگاتە 25 ساڵ.

## ئەو ژنانەی کە ڤاکسینەکەیان وەرگرتووە پێویستە پشکنینی ملی منداڵدان ئەنجام بدەن



هەموو ئەو ژنانەی کە تەمەنیان 25 ساڵ یان زیاترە لە ئینگلتەرا، پشکنینی ملی منداڵدانیان پێشکەش دەکرێت. ڤاکسینی HPV پارێزگاری لە زیاتر لە 90% کەیسەکانی شێرپەنجەی ملی منداڵدان دەکات، بەڵام سەرەڕای ئەمەش پێویستە ژنان پشکنینی ملی منداڵدان ئەنجام بدەن کاتێک داوایان لێ دەکرێت.



## ئەی لەبارەی جۆرەکانی تری شێرپەنجە چی؟

لەئێستادا هیچ بەرنامەیەکی پشکنین نییە بۆ جۆرەکانی تری شێرپەنجەی پەیوەندیدار بە HPV. ئەگەر نیگەرانیت لەبارەی نیشانەکان، قسە لەگەڵ پزیشکی گشتیت (GP) بکە.

## کاریگەرییە لاوەکییەکان

هەروەکو زۆربەی جۆرەکانی تری کوتان و ڤاکسین، کاریگەرییە لاوەکییەکانی کوتانی HPV زۆر سووکن. ئازار، ئاوسان و سووربوونەوە لەسەر قۆڵ کاریگەری لاوەکی باون، بەڵام لەماوەی چەند ڕۆژێکدا نامێنن. سەرهەڵدانی کاریگەری لاوەکی ترسانکتر زۆر دەگمەنە.

ڤاکسینەکە لە پێوانەکانی سەلامەتی ورد دەرچووە بۆ بەکارهێنان لە UK و وەکو ڤاکسینێکی زۆر سەلامەت دەبیندرێت. بە ملیۆنان لە ژەمە ڤاکسینەکە بە کچان و کوڕان دراوە لە UK و لە سەرتاسەری جیهاندا. هەروەکو زۆربەی خۆرەکانی تری ڤاکسین و کوتان، لەکاتی بوونی کاریگەرییە لاوەکییەکان، ئەوا لەنزیکەوە و چاودێری دەکرێت و لێکۆڵینەوەی لەبارەوە دەکرێت.

لەکاتی بوونی گومان لە بوونی کاریگەرییە لاوەکییەکانی ڤاکسینەکە، دەتوانی ڕاپۆرت پێشکەش بکەیت لە وێبسایتی یەلۆ کارد (Yellow Card) یان لەڕێگەی پەیوەندی کردن بە **0800 731 6789** (9 بەیانی تاوەکو 5 ئێوارە لە ڕۆژانی دووشەممە تاوەکو هەینی) یان لەڕێگەی دابەزاندنی بەرنامەی یەلۆ کارد (Yellow Card).

**www.mhra.gov.uk/yellowcard**

# لەبیرت بێت

- بۆئەوەی هەرئێستا ڤاکسینی HPV وەربگریت، بۆئەوەی خۆت بپارێزیت لەدژی ژمارەیەک شێرپەنجە لە داهاتوودا
- ڤاکسینەکە ژیانی سەدان کەس لە UK ڕزگار دەکات لە هەموو ساڵێکدا
- تەنانەت بەبوونی پارێزگاری بە ڤاکسینی HPV، هێشتا پێویستە پشکنینی تەندروستی ئەنجام بدەیت، وەکو پشکنینی ملی منداڵدان لە تەمەنی 25 ساڵییەوەوی ال الإنشاء استوى مثل وات وتجميلة.

## بۆ زانیاری زیاتر، سەردانی ئەم لینکە بکە www.nhs.uk/hpv

لیستێکی تەواوی پێکهاتەکانی ڤاکسینی گارداسیل 9 پێتدەدرێت لە نامیلکەی زانیاری نەخۆش (PIL):

www.medicines.org.uk/emc/product/7330/pil

کورتەیەک لە تایبەتمەندییەکانی بەرهەمەکە (SPC):

www.medicines.org.uk/emc/product/7330/smpc/print

ئەم نامیلکەیە دەرکراوە لەلایەن ئاژانسی پاراستنی تەندروستی UK.

کوتان، پارمەتیدەرە لە پاراستنی هەموو کەسێک لە هەموو تەمەنێکدا.

دەتوانرێ نامیلکەکە داوابکرێت یان دابەزێندرێت لە: www.healthpublications.gov.uk، بە پەیوەندی کردن بە: 1002 123 0300، (هێڵەکان کراوەن لە 8 بەیانی تاوەکو 6 ئێوارە، دووشەممە تاوەکو هەینی).
ئەم نامیلکەیە هەروەها بە وەرگێڕدراوی بەردەستە بەم زمانانەی خوارەوە: ئەلبانی، عەرەبی، بێنگالی پورتوگالی بەرازیلی، بولگاری، چینی، ئیسپانی، ئیستۆنی، فارسی، فیجی، یۆنانی، گوجارێتی، هیندی، کوردی، لاتیڤی، لیتوانی، نیپالی، پانجابی، پاشتۆ، پۆڵەندی، ڕۆمان، ڕۆمانی، ڕوسی، سۆمالی، تاگالۆگی، تورکی، توی، تیگرینی، ئۆکرانی، ئۆردو، ییدیش و یۆروبا

© Crown Copyright 2023. Product code: HPVU1L-KS. 3P 850K MAY 2023 (APS)
UK Health Security Agency gateway number 2023-032 Kurdish Sorani